June 2024 · Hezîran 2024 · Haziran 2024

Kurdiyat

Yıl/Sal/Year: 2024
Sayı/Hejmar/Issue: 9
e-ISSN 2717-8315

# ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا (پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەنمونە)*

Mohammed Omar IBRAHIM & Hemin Omar AHMAD

# Criticism Of Social Criticism in Kurdish Poetry (The Appendix of Chawder as an Example)

# Kürtçe Şiirde Toplumsal Eleştirinin Eleştirisi (Çawder Eki Örneği)

**Mohammed IBRAHIM**
ORCID: 0009-0000-6930-1088 | mohammedqolmarfy@gmail.com
PhD Student, Institute of Living Languages, Department of Kurdish Language and Literature, Bingöl University, Türkiye.

**Hemin Omar AHMAD**
ORCID: 0000-0003-1985-9512 | heminahmad40@gmail.com
Associate Professor, Institute of Living Languages, Department of Kurdish Language and Literature, Bingöl University, Türkiye.

**Citation/Jêgir/Atıf**:
Ibrahim, M. & Ahmad, H. O. (2024). Rexney rexney komellayetî le şî'rî kurdî da (Paşkoy rexney Çawdêr be nimûne). Kurdiyat (9), 95-112. DOI: 10.55118/kurdiyat.1485650

**Article Types/Cureyê Gotarê/Makale Türü**:
Research Article/Gotara Vekolînê/Araştırma Makalesi

**Received/Dema Hatinê/Geliş Tarihi**: 17.05.2024
**Accepted/Dema Pejirandinê/Kabul Tarihi**: 12.06.2024
**Publication Date/Dema Weşandinê/Yayın Tarihi**: 30.06.2024

**Peer-Review/Hekemtî/Hakemlik**:
Double anonymized-Two External/Cot Nenas-Du ji derve/Çift Taraflı Kör Hakemlik-İki hakem

**Reviewing and Plagiarism/Nirxandin û Întihal**:
This article has been scanned by iThenticate plagiarism website./ Ev gotar di malpera întîhalê ya iThenticate ra hatiye derbaskirin./ Bu makale iThenticate adlı intihal sitesinde taranmıştır.

**Ethical Statement/Beyana Etîk/Etik Beyanı**:
It is declared that scientific and ethical principles have been followed while carrying out and writing this study and that all the sources used have been properly cited./ Hatîye beyankirin ku di pêkanîn û nivîsîna vê xebatê de hemû rêzikên zanistî û etîk hatine şopandin û hemû çavkanî bi awayekî têkûz hatine referanskirin./ Bu çalışma yapılırken ve yazılırken bilimsel ve etik ilkelere uyulduğu ve kullanılan tüm kaynaklara uygun şekilde atıfta bulunulduğu beyan edilir.

**Conflicts of Interest/Nakokiyên Berjewendiyan/Çıkar Çatışması**:
There is no conflict of interest between the author and any parties in the article./ Di gotarê de li navbera nivîskar û ti alîyên din nakokîya berjewendîyê tune ye./ Yazar ile makalede yer alan taraflar arasında herhangi bir çıkar çatışması bulunmamaktadır.

**Grant Support/Alîkarîya Darayî/Maddi Destek**:
The authors acknowledge that they received no external funding in support of this research./ Nivîskar beyan dike ku wan wî ji bo vê vekolînê ti fonên derveyî wernegirtine./ Yazarlar, bu araştırmayı desteklemek için herhangi bir dış fon almadıklarını kabul etmektedirler.

**Copyright & License/Mafê Telîfê & Destûr/Telif Hakkı & Lisanslama**:
Authors publishing in the journal retain the copyright to their work licensed under the CC BY-NC 4.0./ Nivîskar li jer lîsansa CC BY-NC 4.0 mafê xwe yê li ser xebata xwe diparêzin./ Dergide yayın yapan yazarlar, CC BY-NC 4.0 kapsamında lisanslanan çalışmalarının telif haklarını saklı tutarlar.



* Ev xebat bingeha xwe ji teza doktorayê ya bi navê *Rengdanewey Rexney Edebî le Rojnamegerî Kurdî da -Rexney Çawdêr wek nimûne-* werdigire.

**پوختە**

ڕەخنەی ڕەخنە کار لەسەر ئەو بابەتە ڕەخنەییانە دەکات، کە بەشێوەیەکی ڕەخنەیی و شیکاریی کراون، واتا دووبارە خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە دەکات، بۆ ئەو بابەتانەی خراونەتەڕوو و شێوە و بنەمای ڕەخنەییان لەخۆگرتووە. میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەپێی بۆچوونی بوارەکە کار لەسەر ئەو دەقانە دەکات، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا نوسراون و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگەن. دەکرێت بەهۆی ئەو بەرهەمانەوە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بکرێت. ڕۆژنامەی **ڕەخنەی چاودێر** پاشکۆیەکی بۆ بابەتە ڕەخنەییەکان تەرخان کردووە و لە دوو توێی ژمارە جیاوازەکانییەوە بابەتی ڕەخنەیی جۆراوجۆر بڵاوکراوەتەوە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم مەیدانەدا هەبووە. یەکێک لەم بابەتە ڕەخنەییانەی، کە لەم پاشکۆیەدا بەدی دەکەین بابەتی کۆمەڵایەتییە و دەچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەپێی تیۆری **گۆڵدمان** (1913-1970) کارەکانی دەست پێدەکات و سنوری کارکردنەکەی دیاری دەکات. ئەم توێژینەوەیە کەموکورتی ئەو بابەتە ڕەخنەییانە دەخاتەڕوو، کە لە دووتوێی ژمارە جیاوازەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراونەتەوە ژمارەیان (٤) بابەتە، گرنگیی بابەتەکە و کەمیی کارکردن لەسەر ڕەخنەی ڕەخنە و کارکردن لە دووتوێی ڕۆژنامەدا، وای کردووە توێژینەوەکە لەسەر بابەتێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت. لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدی وەسفی شیکاری و میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی (تیۆرەکانی گۆڵدمان) بینراوە. ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە دیارترینیان بریتییە لەوەی، کە ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا خراونەتەڕوو، زیاتر لایەنی تیۆرییە. لەزۆر باردا نووسەران زیاتر بۆچوونی تاکەکەسیان هەبووە و نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و بەپێی تیۆرێکی تایبەت بابەتەکەیان بخەنەڕووە.

**وشە کلیلییەکان.** ڕەخنەی ڕەخنە، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، بابەتە ڕەخنەییە کۆمەڵایەتییەکان.

**Abstract**

Critical criticism works on critical issues that have been critically and analytically done, that is, it critically re-reads the issues presented and contains critical forms and principles. The method of social criticism works on texts that are written in a social context and reflect the reality of society. These products can make a difference in society. The newspaper of Chawder has devoted an appendix to critical articles and has published various critical articles in two different issues and has played a significant role in this field. One of these critical issues, which we will see in this appendix, is a social issue and falls within the framework of social criticism. Therefore, this study begins and limits its work according to the theory of Goldman (1913-1970). This study highlights the shortcomings of the critical articles published in different issues of the newspaper. The importance of the topic and the lack of work on criticism and working in the context of newspapers, made the research on such a topic. This study uses the descriptive method of analysis and the method of social criticism Goldman theories. This study has reached several conclusions, the most obvious of which is that the issues presented in the context of social criticism are more theoretical. In many cases, the authors had more individual opinions and were unable to present their subject in an academic manner and according to a specific theory.

**Keywords**: Critical criticism, Appendix to Chawder criticism, Methods of social criticism, Social critical matters.



**Özet**

Eleştirel eleştiri, eleştirel ve analitik olarak ele alınmış konular üzerinde çalışma yürütür, başka bir ifade ile verili konuları eleştirel olarak yeniden okur ve bu yönlü eleştirel biçim ve ilkeleri içerir. Toplumsal eleştiri yöntemi, toplumsal bağlamda yazılmış olan ve toplumun gerçekliğini yansıtan metinler üzerinde çalışır. Bu tür eserler toplumda fark yaratabilen niteliklere sahiptirler. Chawder gazetesi eleştirel yazılara yer verdiği bir ek hazırlamış ve iki farklı sayısında çeşitli eleştirel yazılar yayınlamış ve dolayısıyla bu alanda önemli bir rol oynamıştır. Bu ekte irdeleyeceğimiz bu eleştirel konulardan biri de toplumsal bir özelliğe sahip olup toplumsal eleştiri kapsamına girmektedir. Bu çalışmanın fikirsel çerçevesi Goldman'ın (1913-1970) teorisine göre oluşturulmuş ve bu çerçeve ile sınırlandırılmıştır. Gazetenin farklı sayılarında yayımlanan eleştirel yazıların eksiklikleri vurgulanmıştır. Konunun önemi ve eleştiriye yönelik çalışma-

ların yetersiz olması ve de gazeteler bağlamında çalışılması böyle bir konu üzerinde araştırma yapılmasını gerekli kılmıştır. Bu çalışmada betimleyici analiz yöntemi ve Goldman teorilerinin toplumsal eleştiri yöntemi kullanılmıştır. Çalışmada neticesinde çeşitli sonuçlara ulaşılmıştır; bunlardan en bariz olanı, toplumsal eleştiri bağlamında sunulan konuların daha teorik olduğudur. Çoğu durumda, yazarların daha bireysel görüşlere sahip olduğu ve konularını akademik bir şekilde ve belirli bir teoriye göre sunamadıkları görüldü.

**Anahtar Kelimeler**: Eleştirel eleştiri, Chawder Eki eleştirisi, Toplumsal eleştiri yöntemleri, Toplumsal eleştiri konuları.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ”**ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا، (پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەنمونە)**. هەوڵێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی ڕەخنەی چاودێر، بەتایبەت ئەو بابەتانەی دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە بابەتی ئەدەبی زۆری تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەتایبەتی بابەتی ڕەخنەیی، کەواتە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر دوو ڕوانگە دەکات، لەلایەک باس لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر دەکات، لەلایەکی تریشەوە ڕەخنە لەو بابەتانە دەگرێت، کە لەم پاشکۆیەدا بڵاوکراونەتەوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە: ڕەخنەی ڕەخنە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبیدا بابەتێکی گرنگ و تاڕادەیەک تازەیە و لەنێو مەیدانی توێژینەوەی ئەدەبی کوردیدا کەم ئاوڕی لێ دراوەتەوە، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕۆژنامەگەریی کوردیی کەم تا زۆر ئاوڕی لە ئەدەبیات داوەتەوە و لەنێوانیشیاندا بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی هەن. ڕۆژنامەی چاودێریش (2004-2018) یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی، کە پاشکۆیەکی بۆ بابەتی ئەدەبی تەرخان کردووە و بابەتەکانی شایانی ئەوەن لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە تەماشا بکرێن. لەنێو ڕەخنەی ڕەخنەشدا میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەشێکی نووسینی ئەو پاشکۆیەی گرتوەتەوە و تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی سەربەخۆ لەو بارەوە لەسەر ئەو ڕۆژنامەیە نەکراوە. بەپێویستمان زانی توێژینەوەکەمان لەسەر ئەم پاشکۆیە ئەنجام بدەین

میتۆدی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوە لە ڕوانگەیەکی وەسفی شیکاری و لەبەر سایەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و بەدیاریکراوی بەپێی بیروبۆچوونەکانی (لویس گۆڵدمان) کاری کردووە

سنوری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەپێی تیۆرەکانی لویس گۆڵدمان کار لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکات، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕەخنەی ڕەخنە بەپێی ئەو میتۆدە، بەدیاریکراویش باس لە ڕەخنەی شیعر دەکات و نموونەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێری وەرگرتووە لەنێوان ساڵانی (2005-2018) کە تێیدا لەنێو ٢٤ وتاری ڕەخنەیی، تەنیا تیشکی خستۆتە سەر چوار وتار کە لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتین.

**ئامانجی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا ئامانج ئەوەیە بەشێوەیەکی ڕەخنەیی هەڵسەنگاندن بۆ ئەو بابەتە ئەدەبیانە بکەین، کە لە پاشکۆی ڕەخنەی بڵاوکراونەتەوە، هەروەها ویستراوە تیشک بخرێتە سەر ناوەڕۆکی وتارەکان و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت

## پاشخانی توێژینەوە.

ئەگەر چی کارەکەی ئێمە ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، لەنێو توێژینەوە کوردییەکاندا ئەوەی ئێمە ئاگادار بین چەند کارێک لە شێوەی تێزی ماستەر و توێژینەوەی سەربەخۆ سەبارەت بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دراون، لە گرنگترینیان:

١_ ئاوارە کەمال، (٢٠١٢)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر. ئەم کتێبە کە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەرە و هەنگاوێکی باش بوو بۆ ناساندنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پاشان پراکتیک کردنی لە شیعری گۆران دا.

٢_ نالی عبداللە خدر مەولوود(٢٠١٧) ، ڕەخنەیا جڤاکی د هەلبەستێن عەبدوڵڵا پەشێودا تێزی ماستەر، زانکۆی یوزونجیل، وان. ئەم تێزە هەڵوەستەی لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو کردووە.

٣_ سەردار فایەق و عیماد شکور مەحمود(٢٠٢١) ، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لەشیعری هێمندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی، هەشتەم، ژ(٢). ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوەکەی ئاوارە کەمال دەچێ، تەنیا جیاوازیی لە کەرەستەی توێژینەوەدایە.

٤-بەهجەت ئەرچاغ (٢٠٢١) ، د پەیوەندا ڕەخنەیا جڤاکی دا تەماییێن سەرەکە یێن هەڵبەستا جگەرخوێن، تێزی ماستەر، زانکۆی یوزونجیل، وان. ئەم تێزەیش زیاتر پراکتیککردنی ڕەخنەی جڤاکییە و ڕەنگدانەوەیەتی لە شیعری جگەرخوێندا.

٥_ شیلان یوسف ئەحمەد، (2023) ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە گۆڤاری زانکۆی دهۆکی ئەکادیمیدا، لە زانکۆی وان یوزەنجوئیل نووسراوە. ئەم تێزە گرنگی خۆی هەیە، چونکە توانیویەتی لەسەر گۆڤاری زانکۆی دهۆک کاربکات.

٦-ڕۆگەر ئاجون، (2024) ، ڕەخنەیا جڤاکی، سیاسی و دیرۆکی د ڕۆمانا کوردی یا دیاسپۆرایێ دا، تێزی ماستەر، زانکۆی دیجلە. ئەم تێزە کەرەستەکەی ڕۆمانە و نوسەر هەوڵیداوە لایەنە جڤاکیی و سیاسی و دیرۆکییەکان لە ڕۆمانی کوردی دیاسپۆرا بخاتەڕوو

ئەم توێژینەوانەی سەرەوە، لە توێژینەوەکەی شیلان یوسف ئەحمەد بترازێ، ئەوانی تر زیاتر دۆزینەوەی لایەنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە لەنێو دەقی ئەدەبیدا، بە شیعر و ڕۆمانییەوە، بۆیە ئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە جیادەکاتەوە بریتییە لە قسەکردن لەسەر وتار و نووسینە ئەدەبییەکانی پاشکۆی چاودێر، کە هەوڵێکی ڕەخنەیین و تێیدا ئاوڕیان لە بنەما و بابەتی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی داوەتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە و **لە بەشی یەکەمدا** پاشکۆیی ڕەخنەی چاودێر ناسێنراوە و **بەشی دووەم بۆ** ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەنمونە تەرخان کراوە.

## بەشی یەکەم: ناساندنی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر

### ١-١- ڕەخنەی چاودێر

ڕۆژنامەی چاودێر لە پێشخستنی بابەتە ڕەخنەییەکانی ئەدەبدا گرنگییەکی زۆری هەبووە، ئەگەرچی ئەم ڕۆژنامەیە توانیویەتی دەرخەری بابەتەکانی تری وەکو ((چاودێری وەرزش، ڕەخنەی چاودێر، ڕوانگەی ڕەخنە، چاودێری هەڵبژاردن، پاشکۆیەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی مامۆستایانی کوردستان، پاشکۆی تایبەت، پاشکۆی ئیخوان و ئەزموون))بێت (نوورەدین، ٢٠١٨: ٢٢_ ٣١).

جێگەی ئاماژە پێکردنە بوونی ئەم پاشکۆ جۆراوجۆرانە دەرخەری زیندووییەتی ڕۆژنامەکە و دەوڵەمەندی ڕۆژنامەی چاودێرە، کە توانیویەتی بە فرە ڕەهەندی کار بکات، لەلایەکی ترەوە بەشێک لەو پاشکۆیانە لە زەمەنێکی دیاریکراوی ڕۆژنامەکەدا دەرچوون و پاشان کۆتاییان پێهاتووە، هەڵبەتە ئەوەی پەیوەست بێت بە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر دوای ساڵێک لە دەرچوونی ڕۆژنامەی چاودێر دەرچووە و کەوتوەتە بەردەستی خوێنەران و ئەوەی گرنگە تا کۆتایی ڕۆژنامەکە ڕەخنەی چاودێر بەردەوام بووە. بەشێوەیەکی گشتی پەیکەری پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:-

#### ١_١_١_مێژووی ڕەخنەی چاودێر

بەورد بوونەوە لە مێژووی ڕەخنەی چاودێر، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مێژووی دەرچوون و کۆتایی هاتنی ڕۆژنامەکە کەی بووە، دەکرێت بگوترێت دەرچوونی ڕەخنەی چاودێر دەگەڕێتەوە بۆ ((ڕۆژی دووشەممەی ٢٠٠٥/١٠/١٠ یەکەمین ژمارەی دەردەچێت و تاوەکو ژمارە (٣٩٥)ی ڕۆژی دووشەممەی ٢٠١٨/٤/٢ بەردەوام دەبێت و لەوێدا دەوەستێت)) (نوورەدین، 2018: ٢٤).

#### ١_١_٢ _ سەرپەرشت و ستافی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر

ڕەخنەی چاودێر ستافێکی کارای لە دەستەی نووسەران هەبوو، بۆئەوەی هەموو هەفتەیەک ئەم پاشکۆیە بگاتە دەستی خوێنەران، بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەرانی ڕەخنەی چاودێر، کە لە ژمارە (١ – ٥٩٣) کاریان تیادا کردووە: بریتی بوون لە ((سامی، محەمەد نووری، دانا ئەحمەد، جەلال بەرزنجی، پێشەوا مەحەمەد، شاڵاو حەبیبە))(نوورەدین 2018: ٢٤). ڕەخنەی چاودێر پاشکۆیەکی ئەدەبی و هونەریی هەبوو، کە بە یەکێک لە پاشکۆ گرنگ و پڕ بایەخەکان لە ئەدەبدا دادەنرێت، جێگەی ئاماژە پێکردنە ژمارەی لاپەڕەکانی ڕەخنەی چاودێر (٨) لاپەڕەیە و لە دیارترین نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان لەم پاشکۆیەدا بابەتیان بڵاوکردوەتەوە، هەروەها شاعیرە هاوچەرخەکان هۆنراوەی خۆیان خستوەتە بەردەمی خوێنەران، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت: دیاردەی دەرچوونی پاشکۆی ئەدەبی لە ڕەوتی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، زیاتر لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) سەری هەڵداوە، سەرەتا هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و کوردستانی نوێ، پاشکۆی ئەدەبییان بڵاوکردەوە، دواتر ئەم دیاردەیە هەندێ ڕۆژنامەی تریشی گرتەوە، ڕۆژنامەوانی کوردی بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار لە ڕووی چەندیەتی و

چۆنیەتییەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی پاش ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامە و گۆڤاری لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت، بابەتە ئەدەبی وهونەرییەکانیش زیاتر بایەخی پێدراوە. سەبارەت بە پاشکۆی چاودێر لەرووی تەکنیکەوە چەند لایەنی بەهێزی هەیە، لەم خاڵانەدا کۆدەبنەوە:

**١_١_٣_ هەفتانەی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر:**

هەفتانەی ڕەخنەی چاودێر لە سەرەتادا بەڵێنی ئەوەی بە خوێنەران دابوو، کە دوو هەفتە جارێک بڵاوبکرێتەوە بۆیە لەژمارە (١ – ١٦) دوو هەفتە جارێک دەکەوتە بەردەستی خوێنەران، بەڵام دواتر لە ژمارە (١٦– ٥٩٣) بڕیاردرا هەموو هەفتە جارێک بڵاوبکرێتەوە، ئەمە گۆڕانێکی ئەوتۆ نیە ئەگەر هەشبێت زیانی نییە، بەڵکو سوودی زیاترە و هەفتانە بەرهەمە ئەدەبیەکان بڵاودەکرانەوە و خوێنەر زیاتر پێیان ئاشنا دەبوو.

**١_٢_ بابەتە ڕەخنەییەکانی ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر**

١_ لە ساڵی ٢٠٠٥ز دا، هیچ بابەتێک لەسەر ڕەخنەی شیعری بڵاونەکراوەتەوە.
٢_ لە ساڵی (٢٠٠٦)ز دا، (٥٤) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٢) بابەت لەسەر ڕەخنەی شیعری بڵاوکراوەتەوە. بابەتی یەکەم بەناونیشانی گەڕان بەدوای خوددا تێڕامانێکی کورت لە شیعری حیکایەتی من و دیوەکەی کەریم دەشتی، کە لەلایەن سەرکۆ مەجید لە ژمارە (٩٢)ی ٢١/٨/٢٠٠٦ لاپەڕە (٣٠٢) بڵاوکراوەتەوە.
٣_ بابەتی دووەم بەناونیشانی (دونیای شیعر پێویستی بەجۆرە گۆڕانێک هەیە)، بۆئەوەی باشتر لە هەست و نەستی مرۆڤ نزیکبێتەوە، کە دیدارێکە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس لە ٩٢ ١٤/٨/٢٠٠٦ بڵاوکراوەتەوە.
٤_ لە ساڵی (٢٠٠٧)زدا، (٣٤) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیەدا تەنها (٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعر بووە. بڵاوکراوەتەوە، بابەتی یەکەم بەناونیشانی (سەمفۆنیای شیعری ئەم سەدەیە)، کە لەلایەن نووسەر (ڕەفیق سابیر)ەوە نووسراوە، لە ژمارە (٩٥)ی بەرواری (٢/٤/٢٠٠٧)، (نوورەدین:١). بابەتی دووەم بەناونیشانی (توانەوەی شیعرێک لە نێو عیشقی ژندا)، کە لەلایەن (قوبادی جەللی زادە)ەوە نووسراوە لە ژمارە (١٦)ی بەرواری (١٦/٤/٢٠٠٧) (پێشوو:١).
٥– لە ساڵی (٢٠٠٨)ز دا، (٣٨) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٨) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە، بابەتی یەکەم؛ بەناونیشانی (لاواندنەوەی پرۆدسکی شیعرێکی تازەی دڵشاد عەبدوڵا کە لەلایەن (دڵشاد عەبدوڵا)ەوە نووسراوە، لە ژ (١١٠) بەرواری (٤ – ٢ – ٢٠٠٨) (پێشوو ١).
بابەتی دووەم؛ بەناونیشانی (ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی)، کە لەلایەن (ئەسکەندەر حەبەش) نووسراوە لە ژمارە (١١٤)ی ٥/٥/٢٠٠٨.
بابەتی سێیەم؛ بەناونیشانی (تاعون هات)، کە لەلایەن (فەرهاد پیربال)ەوە نووسراوە لە ژ. ١١٤ی ٥/٥/٢٠٠٨ (پێشوو:١).
بابەتی چوارەم؛ بەناونیشانی (شاعیرەی گەورەی کورد) کە لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە لە ژ. ١٣٤ی ٢٢/٩/٢٠٠٨ (پێشوو:١).

بابەتی پێنجەمیان؛ بەناونیشانی (کۆمەڵێ شیعر بۆ لاواندنەوەی خۆڵەمێش)، کە لەلایەن (تەیب جەبار)ەوە نووسراوە لە ژ. ۱۳۷ی ۱۳/۱۰/۲۰۰۸ (پێشوو:۱).
بابەتی شەشەم؛ بەناونیشانی (کورسی وەردەگێردرێت بۆ سەر زمانی تورکی)، کە لەلەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە نووسراوە لە ژ. ۱۳۹ی ۲۷/۱۰/۲۰۰۸ (پێشوو:۱).
بابەتی حەوتەم؛ بەناونیشانی (بۆ ڕەخنەی چاودێر)، کە لەلایەن (پۆل شاول) نووسراوە، لە ژمارە ١٤٦ی ٢٩/١٢/٢٠٠٨ (پێشوو:۱).
بابەتی هەشتەم؛ بەناونیشانی (ڕەخنەی چاودێر و دەقی شیعری)، کە نووسەرەکەی دیار نییە، ئاماژەی پێنەکراوە لە ژمارە ۱۲۳ی ۷/۷/۲۰۰۸ (پێشوو:۱).
شایەنی باسە و جێگەی ئاماژە پێکردنە زۆرترین بابەت، کە لەسەر شیعر نووسرابێت لە ساڵی (۲۰۰۸) بووە.
٦- لە ساڵی (۲۰۰۹)ز دا، (۵۹) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیەدا تەنها (۲) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعری بوون:
بابەتی یەکەم؛ (سادەکردنەوەی شیعر لەپێناو هەڵوێست وەرگرتن دا، بەڵێ پیاو جەنگی خیانەتی پێدەدرێت)، ناوی نووسەرەکەی ئاماژە پێ نەکراوە و لە ژمارە (۱۵۰)ی ٢٦/١/٢٠٠٩ (پێشوو:۱) نووسراوە.
بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (قەسیدەکانی شار و نیشتیمان)، کە لەلایەن (نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد)ەوە نووسراوە لە ژمارە (١٥٦)ی ٩/٣/٢٠٠٩، (پێشوو:۱).
٧- لە ساڵی (۲۰۱۰)ز دا، (۵۳) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لە کۆی ئەو ژمارەیە (٦) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە.
بابەتی یەکەم؛ بە ناونیشانی (مریەم شیعرێکە خۆی ناناسێت)، کە ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (۱۹۹)ی ١/٢/٢٠١٠، (پێشوو:۱).
بابەتی دووەم؛ بەناونیشانی (ئێتر گۆزەکان لەکانی نایەنەوە، شێرکۆ بێکەس مشتێ لە هەناسەکانی ئەنفال)، کە لەلایەن (جەمال غەمبار)ەوە نووسراوە لە ژمارە (۲۰۹)ی ١٩/٤/٢٠١٠ (پێشو:۱).
بابەتی سێیەمیان؛ بەناونیشانی (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس لە قاهیرەن)، کە ئاماژە بە نووسەرەکەی نەکراوە لە ژ. ۲۰۹ی ١٩/٤/٢٠١٠، (پێشوو:۸).
بابەتی چوارەم؛ بەناونیشانی (نوێترین پەخشانە شیعری شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس) ئاماژە بە نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە ۲۲۱ی ١٢/٧/٢٠١٠، (پێشوو:۵).
بابەتی پێنجەم؛ بەناونیشانی (لاوان لە شیعری لەتیف هەڵمەت) لە ژمارە ۲۲۳ی ٢٦/٧/٢٠١١، (پێشوو:۵).
بابەتی شەشەم؛ بەناونیشانی (دوو .... شیعری جیاوازی حەمیدی شەریفی)، کە ئاماژە بە ناوی نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (۲۲۹)ی ٦/٩/٢٠١٠، (پێشوو:۵).
٨- لە ساڵی (۲۰۱۱)ز دا، (۲۸) بابەت بڵاوکراوەتەوە لەکۆی ئەو ژمارەیە (۵) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە، بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (شیعری ئەدۆنیس و سەباح ڕەنجدەر)، کە ئاماژە بە نوسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (۲٤٨)ی ١٣/١/٢٠١١، (پێشوو:۱).
بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (خەیاڵ) لەلایەن (ڕەنج سەنگاوی) نووسراوە لە ژمارە ۲۵۳ ی ٧/٣/٢٠١١ (پێشوو:۱).
بابەتی سێیەمیان؛ بەناونیشانی (ئازارێکی بێ کەسی فەرامۆشکراو)، کە ئاماژە بە نووسەرەکەی نەکراوە، لە ژمارە ۲۵۳ی ٧/٥/٢٠١١ (پێشوو:۸).

بابەتی چوارەمیان؛ بەناونیشانی (شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس کران بەڕۆمان)، کە ئاماژە بە ناوی نوسەرەکەی نەکراوە، ژمارە ٠٨٢، ١١٠٢/٩/٩١ (پێشوو:١).
بابەتی پێنجەمیان؛ بەناونیشانی (نالی)، نووسەرەکەی (دڵشاد عەبدوڵایە) لە ژمارە (٧٨٢)ی ١١٠٢/١١/٤١ (پێشوو:١).
٩- لە ساڵی (٢١٠٢)ز دا، (٦٩) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٤) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (من و خۆم) نوێترین بەرهەمی شیعریی شاعیر (حەمە کاکەڕەش)ە، کە لەلایەن خودی نوسەرەوە، نووسراوە لە ژمارە (٤١٣)ی ٢١٠٢/٥/١٢ (پێشوو:٥).
بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (کەڤیک باران نەختێک ئیشق)، کە لەلایەن (ئەحمەد محمد و ئیدریس علی) نووسراوە لە ژمارە ٤١٣ی ٢١٠٢/٥/١٢ز (پێشوو:٧).
بابەتی چوارەمیان؛ بەناونیشانی (شیعر ئەو دەمەی خۆی بە شتە گومڕایەکانەوە دەگلێنێت و پتر لەکاتێکی تر فەلسەفە سەرقاڵی خۆی دەکات)، لەلایەن ئازاد حەمەوە نووسراوە لە ژمارە ٥٣٣ی ٢١٠٢/٠١/٢٢ (پێشوو:١).
٠١- لە ساڵی (٣١٠٢)ز دا، (٩٠١) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٧) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (کێکێک دەربارەی بزوتنەوەی تازەگەری شیعری کوردی) ئاماژە بە ناوی نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٥٤٣)ی ٣١٠٢/١/١٢ (پێشوو:١).
بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (بەڵێ کە شیعر دەنووسم شاملۆ)، نووسەرەکەی (شاملۆ)یە و لە ژمارە (٦٤٣)ی ٣١٠٢/١/٨٢ بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).
بابەتی سێیەمیان؛ بەناونیشانی (دیوانە شیعری شێرزاد حسن) لەلایەن (شێرزاد حسن)ەوە نووسراوە لە ژمارە (٩٤٣) ی ٣١٠٢/٢/٨١ بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).
بابەتی چوارەمیان؛ بەناونیشانی (شیعر و ئەزموون) ئاماژە بە ناوی نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە (٢٥٣)ی ٣١٠٢/٣/١١ بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١)..
بابەتی پێنجەمیان؛ بەناونیشانی (هێشتا شتی زۆر ماوە کە نەمنووسیوە) لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە نووسراوە لە ژمارە (٥٥٣)ی ٣١٠٢/٤/١ بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).
بابەتی شەشەمیان؛ بەناونیشانی (ئەدەبیاتی بەرگری کلاسیک) لەلایەن (دکتور هیمداد حسین)ەوە نووسراوە، لە ژمارە (٨٦٣)ی ٣١٠٢/٧/١ بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).
بابەتی حەوتەمیان؛ بەناونیشانی (کۆی شیعرەکانی جەلال بەرزنجی) لەلایەن نووسەرەکەیەوە نووسراوە لە ژمارە (٠٧٣)ی ٣١٠٢/٧/٥١، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).
١١- لە ساڵی (٤١٠٢)ز دا، (٧١١) بابەت بڵاوکراوەتەوە، لەکۆی ئەو ژمارەیە (٤) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعری بوون.
بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (یاریزان یاری بە تۆپ دەکات، شاعیر بە وشە) لەلایەن (کەریم دەشتی)یەوە نووسراوە لە ژمارە ٦١٤ی ٤١٠٢/٧/٧ بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).
بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (شاعیرێک دژ بە شیعر) لەلایەن (نیکۆنار پارا) نووسراوە لە ژمارە ٦٢٤ی ٤١٠٢/٩/٢٢ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).
بابەتی سێیەمیان؛ بەناونیشانی (شاعیرێک کە پاژنەی لە با بوو)، لەلایەن (ئارکۆ ڕامبۆ) نووسراوە لە ژمارە (٣٤) بەرواری ٤١٠٢/٠١/٧٢، لاپەڕە (١) بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).
بابەتی چوارەمیان؛ بەناونیشانی (تەنیا شیعرێک لە مردنەوە دوور بوو)، لەلایەن (ئازاد سوبحی) نووسراوە لە ژمارە (١٣٤) بەرواری ٤١٠٢/١١/٣، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

٢١- لە ساڵی (٥١٠٢)ز دا، (٣٦) بابەت بڵاوکراوەتەوە لەکۆی ئەو ژمارەیە(٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعرە. بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (شاعیرێکی بێدەنگ بۆ دواجار بێدەنگ بوو)، کە لەلایەن (تۆماس ترانست تۆمەر) نووسراوە لە ژمارە (٥٥٠)ی ٥١٠٢/٣/٠٣، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (ساڵرۆژی لەدایکبوونی شاعیرێک کە هاوپیشەی هەمووان بوو)، لەلایەن (شێرکۆ بێکەس)ەوە نووسراوە لە ژمارە ٥٥٤ی ٥١٠٢/٥/٤ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).

٣١- لە ساڵی (٦١٠٢)ز دا،(٧٥) بابەت بڵاوکراوەتەوە لە کۆی ئەو ژمارەیە هیچ بابەتێکیان لەسەر ڕەخنەی شیعر نەنوسراون.

٤١- لە ساڵی (٧١٠٢)ز دا، (٤٠١) بابەت بڵاوکراوەتەوە لە کۆی ئەو ژمارەیە (٣) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعر بوون.

بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (گۆرانی شاعیر)، کە لەلایەن (هەرێم عیسی مەعروف) نووسراوە لە ژمارە ٣٤٥ی ٧١٠٢/٣/٣١ز، لاپەڕە (١) بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:١).

بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (شاعیرێک لە سەفەردایە) ئاماژە بە ناوی نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە ٥٦٠ی ٧١٠٢/٧/٢٢ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی سێیەمیان؛ بەناونیشانی (نالی شیکاری فەلسەفی دەروونی) ئاماژە بە ناوی نووسەرەکەی نەکراوە لە ژمارە ٦٢٤ی ٤١٠٢/٩/٢٢، بڵاوکراوەتەوە (پێشوو:٣).

٥١- لە ساڵی (٨١٠٢)ز دا، (١٣) بابەت بڵاوکراوەتەوە لەکۆی ئەو ژمارەیە (٢) بابەتیان لەسەر ڕەخنەی شیعر بوون. بابەتی یەکەمیان؛ بەناونیشانی (شیعر دواین سەنگەرە دژی سەرکەوتنی سەرمایەداری)، کە لەلایەن (پابل مالینۆفسکی) نووسراوە لە ژمارە ٢٩٥ی ٧١٠٢/٣/٧٢ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:١).

بابەتی دووەمیان؛ بەناونیشانی (وێستگە سەرەتاییەکانی شیعری محمود دەرویش) لەلایەن (محمود دەرویش)ەوە نووسراوە لە ژمارە ٢٩٥ی ٨١٠٢/٣/٧٢ز، بڵاوکراوەتەوە (پێشو:٢).

شایەنی باسە بەپێی ئەو پۆلێنەی کردمان لە پاشکۆی ڕۆژنامەی چاودێر؛ (٢٤) بابەت لەسەر ڕەخنەی شیعری نووسراون و بۆئەوەی درێژدادڕی تیادا نەکرێت، تەنها ئەو وتارانە وەرگیراون، کە بەتەواوی دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە.

**٢-بەشی دووەم: ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەنمونە:**

ئەدەب پانتاییەکی گەورەی بۆ قسەکردن لەسەر هەموو بابەتەکان کردووەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی قسە لەسەر تەواوی کایەکانی ژیان دەکات. ئەم پانتاییە گەورەیەی ئەدەب وایکردووە، لەلایەن خوێنەرەوە بەشێوازی جۆراوجۆر قسەی لەسەر بکرێت، هەر خوێنەرێک لە دەرگایەکی تایبەتی مەعریفی و زانستی خۆیەوە قسەی لەسەر ئەدەب کردووە، ئەم قسەکردنانە بوونەتە هۆکاری لەدایکبوونی میتۆد و ڕێگە و ڕێبازی جۆراو جۆر، کە هەموویان لەناو ئەدەبدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەکۆی گشتی توانیویانە وتار گەلی ئەدەبی پێکبهێنن، لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان گۆڕانکاری لە میتود و ڕێبازە ڕەخنەییەکان هاتووەتە ئاراوە، ئەمە وایکردووە بە خوێندنەوەی ئەدەب بەگشتی ڕووبەڕووی چەندین میتۆدی ڕەخنەیی ببینەوە، بۆیە هەوڵی ئەکادیمی ئێمە لە چوارچێوەی ئەو میتۆدانە دەسوڕێتەوە، کە

لە گوتارە ڕەخنەییەکان لەناو ڕەخنەی چاودێردان، بۆیە هەوڵمانداوە ئەو میتۆدانەی، کە لەناو ڕۆژنامەکەدا ڕەنگی داوەتەوە بەکاریانبێنین.

### ٢_١_ میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

یەکێک لە کۆنترین میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، کە لە پاش میتۆدی ڕەخنەی مێژووییەوە سەری هەڵداوە، لە هەندێک جێگەدا بە میتۆدی مێژووی نوێش ناودەبرێت. لەسەرەتای دروستبوونی دەقی ئەدەبییەوە نووسراوەکان گوزارشت بوونە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام وەکو میتۆدێکی زانستی سەرەتای دروستبوونی ئەم میتۆدە ناڕوونە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناوەڕۆکی بیرمەندانی ئەم بوارەوە دەتوانین تاڕادەیە باس لەمێژووی ئەم میتۆدە بکەین. لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تا دەگاتە بیریارانی (لوسیەن گۆلدمان، مادام دی ستاڵ (٦٧٧١-٧١٨١)، لۆکاچ (٤٨٨١-١٧٩١)، مارکس (٨١٨١-٣٨٨١)، هابەرمارس (٩٢٩١- ) هەروەها دۆرکهام (٨٥٨١- ٧١٩١). ئەگەرچی هابرمارس و دۆرکهایم زیاتر لایەنە کۆمەڵناسییەکەیان گرتووەتەبەر.

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە پەیوەندییەکی لە مێژینەیە. هەر ئەمەیە وایکردووە، کە ئەدەب بە ئاوێنەی دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی کۆمەڵگە دابندرێت. ئەم میتۆدە بیرۆکەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی وەکو ئەوەی، کە پێریاس پێریس باسی لێوە دەکات، (ئەو تیۆرەیە کە ئەدەب بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانێت) (مەعروف، ٢١٠٢: ٣٢). ئەم میتۆدە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵدا هەیە. بەم کارە سنوری کارکردنی ئەم میتۆدە دیاری دەکرێت، لە هەمانکاتدا خاڵی کارکردنی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەستنیشان دەکرێت، هەروەکو چۆن کاریگەری و کارلێکردنەکان دەردەخرێت. لێرەوە دەلاقەیەک بۆ پرسی لایەنگری ئەدەب دەکرێتەوە، چونکە ((پرسی لایەنگیرکردن لە ئەدەبیاتدا تاڕادەیەک پەیوەست و پابەندە بە پرسی پەیوەندی ئەدەبیات بەجیهانی واقیعەوە، ئەدەبیات واقیعی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی تاڕادەیەک ڕاستەوخۆ دەنوێنێتەوە، دەئافرێنێت)) (ئیگلتۆن، ٧١٠٢: ٨٦١). هەمیشە ڕوانین لە بەرهەمە ئەدەبیەکان، وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ ئاشکرا کردنی دیوە شاراوەکەی بیرکردنەوە و دەق وەکو بەرهەمێکی کۆمەڵگە (مەنتک، ٨١٠٢: ٦٦).

میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، لەدیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە. بەپێی هەرسێ بنەماکەی ئەدەب کە بریتین لە: نووسەر لەڕووی پیشە و سیمای کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەبی لەڕووی ئەو بابەتانەوە کەوەک چارەسەر دەیانخاتەڕوو، جەماوەریش لەڕووی چۆنیەتی وەرگرتنیکارە ئەدەبییەکانەوە(سالح،٢١٠٢: ٤١).

دەقە ئەدەبیەکان بەزۆری گوزارشت بوونە لە ڕوانگە کۆمەڵایەتیەکان. بۆیە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەبووە، ئەم پەیوەندییەش پێوەندییەکی لەمێژینەی هەیە. هەمیشە ئەدەب کاریگەرییەکی بەرچاوی لە دیاریکردنی ئاراستەی کۆمەڵایەتیدا هەبووە، بۆیە ئەو کەسانەی هەوڵیانداوە لەم ڕوانگەیەوە کاربکەن ((تەنها باسی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە لەناو ئەدەبدا ناکەن، بەڵکو هەوڵی لێکۆڵینەوە لە ژینگەی ئەدەبیش دەدەن، تا ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لە ژینگەی ئەدیبەکاندا هەیە دیاری بکەن و کاریگەری ئەو دیاردانەش لەسەر ئەدەبەکەی

ڕوون بکەنەوە. هەروەها ئەمانە دەیانەوێت بزانن ئەدیبەکە سەر بەچ چینێکی کۆمەڵایەتییە و لە چ دۆخێکی ئابوریدا ژیاوە و لە ئەدەبەکەیشیدا ڕەنگی داوەتەوە)) (قادر، ١١٠٢: ٤٦).

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێی وایە، کە پەیوەندی ئەدەب و ژینگەکەی پەیوەندییەکی لێک دانەبڕاوە بەشێوەیەک ((ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە، چونکە کاریگەری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەرە، لێرەشەوە سیفەتی ئایدۆلۆژی لەسەرە))(دیویس و فینک، ٧١٠٢: ٣٤). ئەمە بەو واتایە دێت، کە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی فێری خوێندنەوەی دەقمان ناکات، بەڵکو چاومان بە خوێندنەوەی ژیانمان و پەیوەندییەکانمان لەجیهاندا دەکاتەوە (مەعروف،٢١٠٢: ٢١).

**١_٢_ ڕابەرانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی**

لەدیارترین ئەو تیۆرستانەی، کە لە بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا کاریانکردووە

– ‹لویس گۆڵدمان› یەکێکە لە دیارترین ئەو تیۆرستانەی، کە لە بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا کارەکانی ئەنجامداوە، ئەو بڕوای وایە: ((دەقی ئەدەبی گوزارشت نییە لە تاک، بەڵکو گوزارشتە لە هۆشیاری چین و دەستەکانی ناو کۆمەڵگە)) (فضل، ٢٠٠٢: ٧٥). ئەمە بەو واتایە دێت کاتێک نووسەرێک، یاخود شاعیرێک بابەتێکی ئەدەبی دەنووسێت، ناتوانێت کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە بەلاوە بنێت، بەڵکو پێویستە هۆشیاری کۆمەڵگە لەنێو دەقەکەیدا جێگە بکاتەوە.

– ‹مادام دی ستایل› یەکێکی ترە لە بیرمەندانی بواری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی، کە لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە ڕای وایە: ((بە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت))(مەنتک، ٨١٠٢: ٨٦). کەواتە گۆڕانکای و پێشکەوتنەکان بەشوێنەوە پەیوەستن، ئەمە بەو مانایە دێت، کە ئەو کۆمەڵگەیەی ئاستی هۆشیاری و سیاسی و ڕۆشنبیرییان بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندا بێت، ئەوە ئەدەبیات و دەقی ئەدەبیش لەگۆڕاندا دەبێت.

– تیۆرەکانی مارکس و لۆکاچ، بیرمەندانی تازەی زانستی کۆمەڵایەتی (هابەرمارس و دۆرکهایم) خزمەتی زۆریان بە بوارەکە گەیاندووە. بەهۆی ئەوەی لە توێژینەوەکەدا کەمتر بنەمای کارکردنی ئەم بیرمەندانە بەکارهێنراوە، بۆیە تەنها بەکورتی ئاماژەمان بە ناوەکانیان داوە.

**٢-٣- بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی**

١– ئەم میتۆدە بواری کۆمەڵایەتی بە سەرچاوەی واتا و نووسینی دەق دادەنێت، گرنگی بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیعی کۆمەڵایەتی و شارستانی دەدات، واتە ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی و ململانێیانەیە، کە لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا هەن (مەنتک،٨١٠٢: ٤٧).

٢– ئەم میتۆدە وابەستەیە بە ئایدۆلۆجییەکانی مارکسەوە، کە ئەدەب و هونەر دەخاتە خزمەتی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە، لێرەوە ((ئەدەب و هونەر دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە، کە بزوێنەرەکەی ژێرخانە و بریتییە لە هۆکارە ئابورییەکان))(شراد، ٨٨٩١: ٤٣٢).

٣– ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت دەق هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی

بێت و پێویستە دەق بەتەواوی لە واقیعی کۆمەڵایەتی بچێت.

٤- پێویستە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی، کاتێک شاعیرێک دەخاتە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە تا چەند ناوەرۆکی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەبنە هۆکاری ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە.

٥- مرۆڤ لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەژیت، بۆیە ژینگە کۆمەڵایەتییەکە، کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ئایدۆلۆجیای ئەو دەبێت (مەنتک،٢٠١٨: ٤٧).

**٢-٣- ڕەخنەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا، پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر بەنمونە:**

بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا ژن پێگەی خۆی هەبووە، بەڵام کەم تا زۆر ستەم و نادەدپەروەرییان بەرانبەر ئەنجام دراوە، بۆیە بەشێک لە نووسەران و شاعیران هەستیان بەم نادادپەروەرییە کردووە و کێشەکانی ژنانیان خستووەتە ناو دەقەکانی خۆیانەوە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە شاعیران ویستویانە بەهای ژنان لە کۆمەڵگەدا دەربخەن، بەم شێوازە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگی پێداوە. لە ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێردا (چوار) وتار بەرچاو دەکەون، کە دەچنە ناو چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە.

**یەکەم**: یەکێک لەو باسانەی، کە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە پێشینەی کارەکانی خۆی دەزانێت، ئافرەت لەڕێگەی دەقە ئەدەبییەکانەوە دەکرێت گوزارشت لە ژیانی ئافرەتان بکرێت و کێشە و گیروگرفتەکانیان بخرێتەڕوو، لەم بارەیەوە هیدایەت ابراهیم لە وتارێکی ڕەخنەییدا، کە بەناونیشانی (کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلیل زادە)دا لە ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٥)، بڵاوی کردووەتەوە و نووسەر پێی وایە: شیعری (گریانی هەنار)ی قوبادی جەلی زادە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژن دەخاتەڕوو هەروەکو دەڵێت: (قوباد هەمیشە لە دەقە شیعرییەکانیدا تەواوی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژن، وەک کەرەستەیەکی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنێ بۆ دەرخستنی ئەم ڕەگەزە بوونەوەرێکی جەستەخواز، یاخود ڕەگەزێک کە ناسنامەی لە جەستەدایە) (ئیبراهیم، ژ٤، ٢٠٠٥: ٣). ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە و کەرەستەیەکی گەورە بووە بۆ بەرهەمهێنانی دەقی شیعر، ڕوانین لە ئافرەت بەلای شاعیرەوە وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی دیوە شاراوەکانی دەق. نووسەر لەم وتارەدا باس لە پێگەی ژن لەناو شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا دەکات. هەروەک دەڵێت: ((لە شیعرەکانی قوبادی جەلی زادەدا ئەم وێنەیە پێویستی بە خۆناسین و نمایشکردنی و وێناکردنی خۆی نییە و ئەو بەبێ ئەوەی بگەڕێ بۆ دۆزینەوەی شوناسی کەسی خۆی خاوەن جەستە و ڕوحێکە، کە دەتوانێت لای پیاو ئەو شوناسە گرنگە بەخۆی بدات))(پێشوو، ژ٤، ٢٠٠٥: ٣).

دەکرێت ئافرەت ناسنامەکەی لە جەستەدا بێت، ئەمە بەو مانایە دێت وابەستە بوونێکی زۆر لەنێوان دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیدا هەیە، بۆیە ئەدەب پابەند کراوە بەو مەرجە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی، ژن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە. بۆیە وەک فاکتەرێکی گرنگ کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی شاعیردا هەبووە. بووە بە بەرهەمهێنەری دەقی ئەدەبی. نووسەری ئەم وتارە (کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلی زادەدا)دوو خاڵی گرنگ بەدی دەکرێت. ((١- ڕوانینێک وەک ئەوەی ژن کە هەیە لە بووندا. ٢- ڕوانینێک

وەک ئەوەی لە کۆمەڵگا دەبینرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت))(پێشوو، ژ٤، ٢٠٠٥: ٣).

ژن لە کلتوری ئێمەدا لەزۆر باردا ستەم لێکراو بووە و لەهەمان کاتیشدا جێگەی گرنگی و بایەخی پیاوە، دیارە مەبەستی لەڕووی جەستەییەوە بووە، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا بۆچی زیاتر لە شیعری کۆندا گرنگی بە جەستەی ئافرەتان دراوە و کەمتر باسیان لە کێشە سەرەتاییەکانی ژیانی ئافرەتان کردووە، لەزۆر باریشدا شاعیرانی میللی زیاتر گرنگیان بە کێشەی ئافرەتان داوە، بەڵام نووسەری ئەم بابەتە، ئەم مەسەلەیەی ڕوون نەکردووەتەوە، کە پێویستبوو ئاماژەی بۆ بکردبا، تەنانەت لەو دووخاڵەش کە خستوویەتییە ڕوو نەیتوانیوە پێگەی ژن و مامەڵەکردنی شاعیر لە ئەو دەقەدا بەتەواوی ڕوون بکاتەوە.

بۆ نووسین و خستنەڕووی هەر بابەتێک پێویستە بەپێی میتۆد، یاخود تیۆرێکی دیار بابەتەکەت بخەیتەڕوو، بەتایبەت بۆ بابەتێکی لەم شێوەیە، چەندین میتۆد و تیۆری جیاواز هەیە، بەتایبەت میتۆدەکانی ڕەخنەی فیمینیستی و تیۆرەکانی فۆکۆ و ....هتد، نەک هەرئەوە بگرە دەبوو ڕۆڵ و مافی ژنانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەر ئاماژەبدایە، چونکە هەر لە شیعری خودی قوبادی جەلی زادەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام نووسەری ئەم وتارە نەیتوانییوە بەشێوەیەکی ڕوون و پشتبەستن بە میتۆدی زانستی و تیۆری هاوبابەت و تەنانەت ناوەرۆکی مەبەستە شیعرییەکانی شاعیر بابەتەکەی دەوڵەمەند و زانستی تر بکات.

**دووەم**: بنەمایەکی دیاری میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی دیاردە کلتورییە نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگەیە، کە ئەم دیاردانە ڕێگرن لە بەردەم پێشکەوتن و کرانەوەکانی کۆمەڵگەدا. سەبارەت بەم بنەمایەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە پاشکۆی ڕەخنەی چاودێردا وتاری ڕەخنەیی بەدی دەکرێت. لە ژمارە (١) ی (٢٠٠٥) وتارێک بەناونیشانی (پیرەمێرد و پرۆژەیەکی نوێگەری لە شیعری نوێی کوردیدا) بڵاوکراوەتەوە لەلایەنمحمد نوری ئەحمەدەوە، بەپێی هەڵوێست و بۆچوونەکانی نووسەر لە خستنەڕووی بابەتەکەدا، دەکرێت بیخەینە چوارچێوەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، لە پێشەکی وتارەکەیدا نووسەر دەڵێت: ((پەیوەندی نێوان کاری ئەدەبی و دەستەیەکی کۆمەڵایەتی لە هەمان سیستەمی پەیوەندی نێوان بەش پێکدێت لەناو کاری ئەدەب خۆیدا))(ئەحمەد، ژ١، ٢٠٠٥: ١)

لەم وتارەدا نووسەر بەڕوونی ئاماژە بە شیکردنەوەی شیعرەکانی پیرەمێرد دەکات و بوێرانە هەندێ مەسەلەی ورژاندووە، کە لەناو کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، هەروەها چەند بابەتێکی هەستیار لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، کە جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردن بووە، ئاماژەی بۆ کردووە و بەپێی نموونەی شیعری و سنوری کارەکەی بەڵگەی زیندوو و بەردەستی هێناوەتەوە، بۆیە نموونەی بە شیعری مزگەوتی گەورەی پیرمێرد هێناوەتەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبری ئەوەی باسی لایەنە پیرۆزییەکانی ئەم شوێنە بکات، باسی لە بەڵغەم و دەنگی کەری مەلا کردووە، نووسەر دەڵێت: ((هەموو ڕەخنەگرتنێک لە سروشتی ناو کۆمەڵگە وەک جەستەیەکی ناکامڵ و پێنەگەیشتووە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕەخنەیە لە هەناوی جیهانبینی سەردەم نەهاتبێتە دەر ئەوا بە تێکدەر و هەڵوەشێنەرەوەی پرۆسەی ناوەکیەکانی کۆمەڵگە دانراوە))(ئەحمەد، ژ١، ٢٠٠٥: ١). ئەمە بەو واتایە دێت، کە پیرەمێرد بە بەردەوامی ڕەخنەی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی ناو کۆمەڵگە گرتووە. ئەمە ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە ناو چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ناو کۆمەڵگە، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و ئەدەب، جا

107

ئەو بابەتانەی کە ڕەخنەی لێدەگیرێت کلتوری، فەرهەنگی، یاخود ڕۆشنبیریی بێت. نووسەری ئەم وتارە لە کۆتاییدا دەڵێت: ((بۆیە گەڕانەوەی ئەم جارەمان بۆ لای پیرەمێرد گەڕانەوەیە بۆ کلتورێک، کە دەنگی خەفە دەکات و لەناو پێچەکانی خۆی دەیشارێتەوە))(ئەحمەد، ژ١، ٢٠٠٥: ١).

ئەوەی لەم وتارەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە نووسەری ئەم وتارە توانیویەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی تیۆرییەکانی گۆڵدمان ڕوون بکاتەوە، کە کاریگەری زانستی و جوانە، بەڵام ئەوەی کە دەیەوێت بڕیار لەسەر پیرەمێرد بدات ئایا بۆچی دەستی لە شیعر نووسین هەڵگرتووە و کاری ڕۆژنامەوانی هەڵبژاردووە، توێژەرانی ئەم بابەتە دەخاتە هەڵەوە تارادەیەکی زۆر کاریگەری نازانستییە، چونکە ئاستی ڕۆشنبیری خودی پیرەمێر بڕیار دەدات، کە ئایا چ کارێک و چ بوارێکی ژیان هەڵدەبژێرێت، نە نووسەری ئەم بابەتە و نە کلتور و دابوونەریت و نە توێژەرانی هاوسەردەمی شاعیریش ناتوانن بڕیاری ئەوەی لەسەر بدەن. دواجار پیرەمێرد ئەو ساتانەی، کە لە ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەریشدا بووە دەستی لە نووسینی شیعر هەڵنەگرتووە، تاوەکو ئەو بڕیارەی لەسەر بدەی، پاشان شاعیر لە چەند جێگەیەکدا باسی لە کلتور و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی کردووە و ڕەخنەی لێگرتووە، کەچی لە چەندین جێگەی تر و شیعری تردا پەستی کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، کەچی نووسەری ئەم بابەتە، بەهیچ شێوەیەک باسی لە وەها سوژەیەک نەکردووە، دەبوو لەپاڵ مەبەستە سەرەکییەکەی خۆیدا ئاماژەیەکی کورتی بۆ بکردبا.

**سێیەم:** ئاین لە دیارترین بنەمای ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە، بەشێکی زۆری بیرمەندانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسان، بەهەستیارترین مەسەلەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەتەوەیی و فکری دادەنێن، بەشێکی زۆری کارەکانیان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە تەرخانکردووە. لە ڕۆژنامەی چاودێردا وتارێک لەلایەن نووسەر د. ئازاد عبدالواحد کەریمەوە نووسراوە بە ناونیشانی (ئەسیری لەنێوان ناسیۆنالیست و ئایدیای نالیستی)دا لە ژمارە (٦٢ی ساڵی ٢٠٠٦) بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لە پێشەکی وتارەکەیدا بەهۆی چەند ڕەگەزێکی ڕۆشنبیری و سیاسیەوە باس لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەکات. هەروەها چەند ڕەگەزێکی تری وەک گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها باسی شیعری نوێی کوردی، کە هاوهەنگاوی ژیانی ناو کۆمەڵگە بووە کردووە. هەر بۆیە دەڵێت: ((دروشمی مەرگەسات و گیانی بە کۆمەڵایەتی بوون بە دێڕێکی نوێوە شۆڕشێک بوو دژ بە واقعی گەندەڵ و تەعبیرێکی نوێ بوو لە خەون و ئازارەکانی گەل و فەلسەفەی نەتەوەخوازی))(کریم، ژ٦٢، ٢٠٠٦: ٢).



نووسەر لەم وتارەیدا ئاین و بیری نەتەوایەتی، کە لە شیعرەکانی ئەسیریدا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو هەوڵێک بۆ خستنەڕووی فەلسەفەی شیعری ئەسیری دەخاتەڕوو. هەروەها پێی وایە تایبەتمەندی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردی لەگەڵ کەلەپووری شیعری کۆنی کوردی و واقعە نوێیەکە هاوتەبای شیعرەکانی بوون، هەربۆیە باسکردن لە گوتاری سۆسیۆ یان سۆسۆجیای ئەدەب لە زادەی شیعرەکانی ئەسیری بوون، نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێ شیعرەکانی ئەسیری بەشێوەی گوتار لە میانەی دەقەکانەوە ئەرکێکی کۆمەڵایەتیی و نەتەوایەتی بەجێ گەیاندووە. باسکردن لە پرۆژەی ژیاری کۆمەڵایەتی کورد، هەروەها باسکردن لە کێشەی نەتەوایەتی بەکێشەی کۆمەڵگەی زانیوە، هەر بۆیە نووسەر دەڵێت:

((ئەو فاکتەرەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سەپاندنی قۆناغێکی نوێی شیعر، کە بە قۆناغێکی سۆسیۆویالیزم دەناسرێتەوە، کە سەرەتاکانی بەرجەستەکردنی بیری نەتەوایەتی سەری هەڵدا، پاشان بە شیعری نیشتیمانی و ئەوجار سیاسی و پاشان بە شۆڕشگێڕی بەردەوامی هەبووە))(کەریم، ژ٦٢، ٢٠٠٦: ٢). هەموو ئەو ڕەگەزانە ڕەگەزی سیاسی و نەتەوایەتی بۆ باسکردنی لە کۆمەڵگە گوزراشتە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر تەنها باسی لایەنی ئاینی و وابەستەکردنی بە نەتەوەوە دەخاتە ڕوو، دیارە بەهۆی ئەو باگراوندە ئاینییەی کە شاعیر هەیبووە ئەم بۆچوونانەی خستوەتەڕوو. خۆ دەکرا جگە لە بیروباوەڕی ئاینیی، چەندین فاکتەری تری کۆمەڵایەتی و نیشتمانی لە ناوەرۆکی شیعرەکانی شاعیردا بەدی بکرایە، دەبوو نووسەر باسی تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیری کردبا بۆ دروستبوونی ئەو هەستە نەتەوایەتییەی شاعیر، سەرباری ئەوەی کە نووسەر توانییەتی زۆر بە زانستیانە بۆچوونەکانی خۆی بخاتەڕوو.

**چوارەم:** ئەدەب و کۆمەڵگە سەرباسی بیرمەندانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بووە، لەزۆر باردا هەوڵیاندا ئەو پەیوەندییە ڕوون بکەنەوە. لە ڕۆژنامەی چاودێریشدا لە دوو ژمارەی (٨٠١ – ٩٠١) لە ساڵی (٢٠٠٨) بابەتێک بەناونیشانی (پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی میتۆدی سۆسیۆلۆژی مێژوویی) لە نووسینی ئەحمەد میرە بڵاوکراوەتەوە، گەرچی بابەتەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژانری شیعرەوە نییە و زیاتر باسی ئەدەب بەگشتی دەکات

ڕەخنەگر لە سەرەتای نووسینەکانیدا دەڵێت: ((قسەکردن لەسەر پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە قسەکردنێکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، کە ناتوانێت ڕاستەوخۆ ئاماژە بە چۆنیەتی ڕایەڵی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بکات))(میرە، ژ ٨٠١ – ٩٠١: ٦). لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە دەکرێت ئەو پەیوەندیە لێک بوونبێتەوە، هەموو لێکدانەوەکان دەچنە خانەی زانستی کۆمەڵناسی ئەدەبەوە. ئەم ڕەخنەیەی لەبەردەست دایە هەوڵێکە لەبواری کۆمەڵناسی ئەدەب، بەسەرنجدان لە بنەماکانی سۆسیۆلۆژی مێژوویی، کە تیایدا هەوڵدەدرێت کاریگەری مێژوو و بەستنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بە ژانەرە ئەدەبیەکان، پاشان لەشێوەی شیعردا پیشان بدرێت.

ڕەخنەگر ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕوانگەی جیاجیا بۆ چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە لەلایەن بیرمەندان و ڕەخنەگرانەوە ئاڕاستەکراوە، کە هەموویان لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکن ((ئەدەب یەکێکە لەکارە دیارو بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە، بۆیە هەرگیز ئەدەب ناتوانێت بەشێوەیەکی دابڕاو لە کۆمەڵگە بژی، بەڵکو ئەدیب بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتیش دەژی)) (میرە، ژ ٨٠١ – ٩٠١: ٦). لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوە ئەدەب بەگشتی بەهەموو بەشە پێکهێنەرەکانیەوە هیچ کات لە بۆشاییدا بەرهەم ناهێندرێت، واتە ژانرە ئەدەبیەکان هەر یەکەیان لەژێر کاریگەری مێژووی کۆمەڵایەتییەکان بوون، کەواتە بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتر و وردتر لە ژانرە ئەدەبیەکان پێویستە سەرەتا لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە تێبگەین، کە بەرهەمەکەی تیادا نووسراوە. ڕەخنەگر سەرەتا بە باسکردن لەسەر کۆمەڵناسی فەرەنسی (دورکهایم) دەست پێدەکات و هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕوون بکاتەوە. دواتر دێتە سەر باسکردنی هەمان پەیوەندی، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕوانگەی کۆمەڵناس و بیرمەندانی ترەوە. ڕەخنەگر ئاماژە

بۆ (ئەفلاتون و ئەرستۆ و ئیبن خەلدون) دەکات و پێی وایە بەرهەمی ئەوان لەژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەدابوون کە تیایدا ژیاون، لەلایەکی ترەوە دەکرێت بۆ باشتر لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە سود لە ڕوانگەکانیان وەربگیردرێت.

ڕەخنەگر ئاماژە بۆ مێژووی پەرەسەندنەکان لەم جۆرەدا دەکات، بۆیە جەخت دەکاتە سەر سێ قۆناغی جیاوازی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، کە زیاتر پشتی بەستوە بە بیر و هزری بیرمەندانی سەردەمانی کلاسیک و ڕابردوو، ڕەخنەگر بەشێکی زۆری نووسینەکەی تەرخاکردووە بۆ ناساندن و شیکردنەوەی ڕوانگەکانی زانای عەرەبی بواری کۆمەڵناسی ئەدەب (عمر علی بەدەوی) بەتایبەت لە کتێبی (علم الإجتماع/ الأدب)، لە کۆتاییدا بەم ئەنجامە دەگات ((لە ڕێی رۆحەکەیەوە کە زمانە بەتەواوەتی بە کۆمەڵگەوە گرێ دەدردێت)) (میرە، ژ ٨٠١ – ٩٠١: ٦). دیارە ئەدەب بێجگە لەم بابەتانە لە زۆر ڕەهەندی ترەوە سەرچاوە دەگرێت. لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ لێکدانەوەی زیاتری ئەم باسە ڕەخنەگر دێتەسەر ئاماژەکردن بۆ هزری بیرمەندانی ئێستای بواری کۆمەڵناسی ئەدەب و لە چەندین شوێندا ئاماژە بۆ تیۆرەکانی ئەم بوارە دەکات.

ڕەخنەگر لە بەشێکی تری وتارەکەیدا ئاماژە بە زاڵبوونی ژانری شیعریی دەکات. لە ئەدەبی سەردەمانی ڕابردوودا بە حوکمی کەمی ژانرە ئەدەبیەکانی تر، پێی وایە ژانرەکانی تر جگە لە شیعر بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنن، کەواتە ڕەخنەگر سود لە زاراوەی ((کۆمەڵگەی شیعری)) وەردەگرێت، بۆ پێناسەکردنی جێگە و پێگەی شیعر لە سەردەمانی ڕابردوودا، کە تاکە ژانری بە هێز و زاڵی ئەدەبی بوو.

ڕەخنەگر لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا دووبارە ڕوودەکاتە بۆچوونەکانی (علی وەردی) سەبارەت بە جێگە و پێگەی شیعر لە کۆمەڵگەی عەرەبی سەردەمانی ڕابردوودا. ڕەخنەگر پەنجە دەخاتە سەر کتێبی (أسطورة الادب الرفیع) دەڵێت: ((قورەیشییەکان چەندە توانای خۆیان سەرفدەکرد لە مەراسیمی حەجدا هێندەش لە شیعردا توانای خۆیان سەرفدەکرد بەشێوەیەکی گشتی قورەیشییەکان توانیان نمونەی خۆیان لە هۆزەکانی تری عەرەبیدا بەرز ڕابگرن و بازرگانییەکانیان بپارێزن لە پێگەی دووشتەوە بوو یەکەمیان: پەرستشیەکان و ئەنجامدانی حەج، دووەمیان: هاندانی شیعر و کەمکردنەوی بازاڕە ئەدەبیەکان کە شیعریان تێدا دەخوێندرایەوە))(میرە، ژ ٨٠١ – ٩٠١: ٦).

شیعر هێندە زاڵ و کاریگەر بووە، تەنانەت لەلایەن هۆزی قورەیشییەوە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا بەکاردەهێنرا، بۆ خزمەتکردنی ئامانجی هۆزی قورەیش هەروەکو د. علی وەردی ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: شیعر یەکێک بووە لە ئامانجە دیارەکان، بۆیە نووسەر دێتەوە سەر باسکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە، بەڵام ئەم جارەیان لە ڕوانگەی بیرمەندانی هاوچەرخەوە، باسی چەندین میتۆدی زانستی دەکات، بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندیە وەکو ((میتۆدی مێژوویی، بەراوردکاری، شیکاری، وەسفی))(میرە، ژ ٨٠١ – ٩٠١: ٦) ڕەخنەگر ڕای وایە لەو جۆرە میتۆدەی سەرەوە ئەوەی یەکەمیان بەکارهێناوە، کە بریتیە لە میتۆدی مێژوویی و تیشک دەخاتە سەر ناوەندیترین بابەتی بەرباس، کە هەمان کۆمەڵناس پێی وایە: دوو ئەرکی سەرەکی لە ئەستۆیە، ئەوانیش بریتین لە شیکاری مێژوویی و خوێندنەوەی پێکهاتە و مێژوویی.

ئەوەی جێگەی ئاماژە بۆکردنە، نووسەر زۆر لە بابەتەکە لایداوە و زیاتر سەرقاڵی یاریکردن بووە بە وشە، چونکە بۆ بابەتێکی ڕۆژنامەوانی هیچ پێویست بەو هەموو ڕوونکردنەوەیە و باسکردنی بابەتی لابەلا نییە، هەروەکو چۆن بەپێی ناونیشانی بابەتەکەشی ڕوونە و دەبوو تەنها باسی لە ناوەرۆکی ئەو میتۆدە بکردبایە، ئەگەرچی خودی میتۆدەکە و بابەتەکەش تاڕادەیەکی زۆر کۆنە و پێویستی سەردەم نییە، جگە لەوەی نووسەر نەهاتووە باسی میتۆدی ڕەخنە ڕوون بکاتەوە، کە ئایا بەپێی مێژووگەرایی نوێ کاریکردووە، یاخود میتۆدی ڕەخنەی مێژوویی، یاخود میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی؟ لەڕاستیدا هەم ناڕوونی و هەم تێکەڵاویش بە بابەتەکەوە دیارە، سەرباری ئەوەش کە چەندین بیرۆکەی وەرگرتووە و ئاماژەی بە سەرچاوەکەی نەکردووە، بەڵام لە بابەتەکانی تردا ئاماژەی بە سەرچاوە کردووە، بەتایبەت کاتێک بە مانشێتێکی گەورە دەڵێت: ((ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵە، بەهەموو ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە، یان بەدیویێکی تردا، ئەدیب گوزارشتکەرە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژیت لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا)) (پێشوو: ٦).

نووسەر هێندەی خەریکی سەرقاڵکردنی خوێنەرە بە بیروبۆچوون و خستنەڕووی ناوی نوسەر و کۆمەڵناسانی تر، نیو هێندە خەریکی ناوەرۆکی کارەکەی نەبووە.

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان:-

- ڕەخنەی ڕەخنە، بابەتێکی گرنگە و خزمەت بەبواری ڕەخنە دەکات و تا ئاستی کامڵبوونی دەبات.

- پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، لە دیارترین ئەو ڕۆژنامانەیە، کە بابەتی ڕەخنەیی ئەدەبی تیادا بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی ڕۆژنامەکە تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبیات نەبووە.

- ڕەخنەی شیعری لەدووتوێی ڕۆژنامەکەدا گرنگی پێدراوە و (٢٤)

بابەتی لەم چەشنە بەدی دەکرێت.

- ئەو بابەتانەی، کە دەکەونە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە تەنها (٤) وتارن، نوسەرانی ئەم چوار ژمارەیەش زیاتر پشتیان بە بۆچوونی تاکەکەسی خۆیان بەستووە و لە ڕوانگەی تیۆرێکی دیاریکراوە کارەکەیان ئەنجام نەداوە، جگە لە وتارەکەی (ئەحمەد میرە)، کە بەپێی تیۆرەکانی (گۆڵدمان) کاری کردووە.

-- تیۆرەکانی گۆڵدمان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەدەب گوزارشتە لە کۆمەڵگە و دەتوانێت کۆمەڵگە ئاڕاستە بکات، ئەمە بەو واتایە دێت کە ئەدەب بۆ کۆمەڵگەیە، نەک تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەو وتارانەی لێرەدا خراونەتەڕوو ئەگەرچی نوسەرەکانیان ئاماژەیان بەتیۆرەکانی گۆڵدمان نەکردووە، بەڵام شیکارییەکانیان دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە.

**سەرچاوەکان**

**کتێب:**

ئیگلتۆن، تیری (٢٠١٧)، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و. هاوڕێ یوسفی، چاپخانەی گەنج،

سلێمانی.

دیویس، رۆبرت کان و فینک، (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی سەدەی بیستەم، ڕەخنەی ئەدەبی هونەری هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، وەرگێڕانی ڕێبین هەردی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

سالح، ئاوارە کەمال(٢٠١٢)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر

مەعروف، کەمال (٢٠١٢)، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی دەریا، سلێمانی.

مەنتک، حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانە نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، هەولێر.

نوورەدین، بوار(2021)، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی چاودێر(٢٠٠٤/١٠/٤_ ٢٠١٨/٤/٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تهران.

**گۆڤار:**

قادر، ڕێبین خەلیل (٢٠١١)، میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٦٧)، هەولێر.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

شراد، شلتان عبود (١٩٨٨)، مدخل الى النقد الادبی الحدیث، دار مجدلاوی للنشر، ط١، عمان

فضل، صلاح(١٩٩٨)، مناهج النقد المعاصره ومصطلحاته، مبرت للنشر و معلومات، القاهره.

**وتارەکانی ڕەخنەی چاودێر:**

ئیبراهیم، هیدایەت(٢٠٠٥)، کەسێتی ژن لە شیعری گریانی هەناری قوبادی جەلی زادەدا، ژمارە(٤).

ئەحمەد، محمد نوری(٢٠٠٥)پیرەمێرد و پرۆژەیەکی نوێگەری لە شیعری نوێی کوردیدا، ژمارە (١).

کەریم، ئازاد عبدولواحید،(٢٠٠٦)، ئەسیری لەنێوان ناسیۆنالیست و ئایدیای نالیستیدا، ژمارە(٦٢).

میرە، ئەحمەد(٢٠٠٨)، پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بەپێی میتۆدی سۆسیۆلۆژی مێژوویی، ژمارە (١٠٨- ١٠٩).